# حکومەتی تازەی مالکی _ تاڵەبانی

## وەڵامی خوێندکارانی دیوانیە بەتەقە دەدەنەوە!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk



حکومەتی تازەی عێراقی بەهەمان شێوەی حکومەتی پێشوو کەناتوانێ وەڵامی خواستەکانی خەڵکی عێراق بداتەوە، بەتایبەت لەخواستە سەرەتاییەکانی ئاوو کارەباو و سوتەمەنی و هەروەها داواکاریەکانی قوتابیان لەهەلومەجی خویندن و پیداویستیەکانی تری خویندگاکان، جیا لەمانە ئەوەی ئەو حکومەتە وەك دەورەی سێ ساڵی پێشووی کەنەك وەلامدەرەوەی وەزعی نائەمنی و دابینکردنی کار نیە بۆخەڵکی بەڵکو خۆی سەرچاوەکەیەتی، بۆیە وەلام بەخواستەکانی سەرجەم خەڵکی عێراق هەر توندو تیژیە.

بەم هۆیەوە نارەزایەتی خەڵك و خۆپیشاندانەکانیان بەم حکومەتە نوێیەش بەردەوامە و زۆربەی شارەکانی جنوب و ناوەراستی گرتۆتەوە، لەخواستەکانی دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنی و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ خەڵکی و لەوانە داواکاری قوتابیان، کە نموونەکەی قوتابیانی زانکۆی دیوانیەیە.


خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی قادسیە لەدیوانیە
لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەتەقە بلاوەیان پێدەکەن

نارەزایەتیەکانی قوتاباینی زانکۆی دیوانیە بۆ دیفاع لە خواستەکانیان لە پیداویستی خویندگاو بەشەکانی تری خویندن لەسەرتای ئەم مانگەوە زۆر بەفراوانی دەستی پێکردوە، بەلام دەسەلاتداران هیچ وەلامێکیان بەخواستەکانیان نەداونەتەوە، بەناچار قوتابیانی زانکۆ بۆ بەدەستهێنانی خواستەکاانیان دەستیان بۆ خۆپیشاندانی هیمنانە بردوە، بەلام ئەم حکومەتە تازەیەی مالکی – تاڵەبانی وەك حکومەتەکەی پێشووی جعفری – تاڵەبانی کەوەلامی خواستەکانی خەڵکیان بەتەقەو راونان و زیندانی و تەعزیب دەدایەوە، هەمان کاری دوبارەکردەوە، بەوەی کەتەقە لەخۆپیشاندەرانی قوتابی لەدیوانیە دەکەن و دوو قوتابی دەکوژن و چەندانی تر بریندار دەکەن و بەزۆری چەك و تەقە بلاوە بەقوتابیان دەکەن، هەواڵ و وێنەی سەرەوەی ئەم خۆپیشاندانە، لەزۆربەی میدیاکانی جیهان و بەتایبەت لەتەلەفزیۆنی شەرقیەو رۆژنامەی زەمان و رۆیتەرەوە بلاوکراوەتەوە.

ئەم حکومەتە تازە هەڵبژێردراوەی دەستکردی ئەمریکا لەعێراقدا کەقەرارە نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق بکەن، کەقەرارە سیناریۆی پێشووی دەوڵەتەکەی جعفری – تاڵەبانی دوبارە نەکەنەوە، کەقەرارە پیداویستی رۆژانەی خەڵك لەئاوو کارەبا و سوتەمەنی و کار و ئەمنیەت بۆخەڵك دابین بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق نەکوژریت و لەبرسانا نەمرن، کەقەرارە وەلام بەخواستەکانی لاوان و قوتابیان بدەنەوە!، بەلام دیارە نەك ئەم حکومەتەش وێنەی حکومەتی پێشوەو ناتوانی وەلامدەرەوەی خواستەکانی خەلك بداتەوە، بەڵکو کارنامەی رەشی سێ سالی رابردویان لەعیراقدا هەر ئەمە بوەو تەجروبەی دەسەلاتەکەی تاڵەبانی لەکوردستاندا لە 15 ساڵی رابردودا کارنامەی رەشی بەهەمان شیوە هەر ئەمە بوە، کە وەلام بەمخالفینی خۆی بەتەقە داوەتەوە، وەلامی خواستەکانی قوتابیانی کۆیە بەتەقە داوەتەوەو شیعاری خواستەکانی قوتابیانی دراندوەو هەرەشەی لەقوتابیان کردوەو وەلامی خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجەو سلیمانی و کەلارو رانیەی بەهەرەشەو تەقەکردن داوەتەوە.

حکومەتێکی لەم جۆرەی دەستکردی ئەمریکا، لەکوردستان بیت یان لەعیراق، ناتوانیٚ وەلامێکی لەمەزیاتر بەخواستەکانی قوتابیان بداتەوە، تەجروبەی سێ ساڵی دوای روخانی رژێمە دکتاتۆریەکی صدام و تەجروبەی دەسەلاتەکانی زیاتر لەدەیەکەی رابردوی کوردستان هەر ئەم راستیە تاکید دەکەنەوە، تەنیا رێگایەك لەبەردەم قوتابیان و لاوان و ژنان و هەموو خەڵکی عیراق و کوردستان و بەتایبەت قوتابیان و لاوان خۆرزگارکردنە لەو دەستەو قامە قەومی و ئیسلامیانەی نوینەری ئەمریکایە، وە کۆبونەوەیانە لەدەوری رێگا چارەی مەدەنی و عەلمانیە بۆ کۆتایی هینان بەوەزعی ئیستا.